ماڵی بەرپرسێکی بەڕێوەبەری تورکمان لە شاری کەرکووک کرایە ئامانج

بەیانی ئەمڕۆ شەممە (5ـی تشرینی یەکەمی 2024)، تۆقینەوەیەک لە گەڕەکی موسەڵا لە شاری کەرکووک ڕوویدا و بەهۆیەوە بەرپرسی ماڵی تورکمان، سایگن هاجرئۆغلو کرایە ئامانج.

بەڕێوەبەری تورکمانی لەو بارەیەوە ڕاگەیاندراوێکی بڵاوکردەوە و تیایدا هاتووە، "بەتوندی سەرکۆنەی ئەو تۆقینەوە تیرۆریستییە دەکەین کە ئەمڕۆ شەممە لە گەڕەکی موسەڵا شاری کەرکووک ڕوویدا کە بەهۆیەوە بەرپرسی تورکمان، سایگن هاجرئۆغلو و ژمارەیەک هاووڵاتی مەدەنی دیکە بریندار بوون".

هاشیگەیاندووە: "گرووپە تیرۆریستییەکان بە ئینجامدانی ئەم کردەوە ترسناکانە کە کۆمەڵگای سەرکردەکانی کەمەگای تورکمان لە کەرکووک دەکەنە ئامانج، دەیانەوێت ئاسایشی و سەقامگیری شارەکەمان تێک بدەن و ئاژاوەش بخەنە نێو پێکهاتەکانی ئەم شارە".

لە ڕاگەیەندراوەکە جەختیش کراوە کە ئەم کردارە وایان لە دەکات زیاتر پابەند بن بە یەکێتی و بەرگریکردن لە مافی نەتەوەکەیان لە کەرکووک و هاتووە: "داوای لە فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی عێراق دەکەین کە هەموو هێوشوێنێکی پێویست بۆ پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری لە پارێزگای کەرکووک بگرێتەبەر، هەروەها ڕاگەش بەهیچ گرووپێکی تیرۆریستی نەدرێت ئارامی شارەکە تێک بدەن و ئینجامدەرانی ئەو تاوانە بە سزای توندی یاسایی بگەیەندرێن".